کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# وەڵامێک بۆ لیژنەی پەروەدەو خوێندنی باڵا
# (سەبارەت بە کێشەی خوێندکارانی کۆلێژی تەکنیکی/سلێمانی)

عەلی کوردستانی
alikurdustani@yahoo.com

پێش پیشەکی ئەچمە ناو باسەکە , کە لەو ماوەیەی پیشوودا کۆمەڵیک خوێندکاری کۆلیژی تەکنیکی گلەییان کردبوو لە مامۆستایەکیان بە ناوی دکتور هوشیار قادر، وە ڕووناک بۆمبا بەناوی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پاریزگای سلێمانی وەڵامی ئەو خوێندکارانە ئەیاتەوە لە کوردستانپۆستدا.

بریا تەواوی خوێنەران ئاگاداری ئەو ڕوونکردنەوەیە بن کە لە کوردستانپۆستدا هاتووە لەلایەن لیژنەی پەروەدەو خوێندنی باڵا  بۆ کێشەی خوێندکارانی کۆلێژی تەکنیکی لەمەڕ د.هوشیار قادر *(( هەرچەندە من جەنابی د.هوشیار ناناسم لەبەر ئەوە تکایە  جەنابی  دکتۆر وا نەزانێ کە من دژ بەو ئەنووسم))...*

ئەو ڕوونکردنەوە هەر کەس بیخوێنێتەوە پێکەنین ئەیگرێ، کە ئایا بە ڕاست ئەوە نوسینی لیژنەی پەروەدەو خوێندنی باڵای پارێزگای سلیمانییە؟؟؟!! ئایائەو لیژنەیە لێپرسراوی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئاستی زانستی و مەعریفییە لە شاری سلێمانییدا؟؟ ئایا ڕووناک خان خۆی نوسیویەتی و ئەندامانیش تەنها ئیمزایان لەسەر بووە؟؟؟

حەز ئەکەم لەسەر چەند خاڵیک بووەستم لەو نوسینە. وە هەوڵئەدەم هەر بە کۆپی و پەیست نووسینەکەی لیژنەی پەروەدەو خوێندنی باڵا ڕیز بکەم کە بەڕێزێک بە ناوی (( ڕووناک بۆمبا)) نووسیویەتی .

تکایە بۆ خوێندنەوەی تەواوی نوسینەکە کلیکی
http://kurdistanpost.com/index.php?id=226

1- لیژنەی پەروەدەو خوێندنی باڵا ئەڵێ: (هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەرین ڕایهێناوین لەسەر ڕاشکاوی و روبەروبونەوە ، بۆیە لە خوێندکاران دەخوازین ،کە گلەیەکانیان بە شێوازی ترسنۆکانە نەخەنە سەر سایتەکان و بێ ناو، گلەیی لە کەمو کوڕیەکان بکەن ) .. ئەم پەرەگرافە زۆر نەزانانە نوسراوە وە کەسێک نووسیویەتی یان ئەوەتا ئەیەوێ خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکی یان خۆی خۆڵکراوەتە چاوی و هیچ نابینێ. بەس پێم بڵێن لە پاش ڕاپەرین کێ ڕاهاتووە لەسەر ڕاشکاووی؟؟!! ئەوە لە چ دام و دەزگایەکی هەرێمدا وەک مرۆڤ خەڵکی داواکانی خۆیان ڕاشکاوانانە ڕائەگەیەنن؟؟!! ئەوە چ سیستمێکە لە کوردستان کە پەیڕەوەی لە دیموکراسی ئەکات و خەڵکی بێگویدانە ئیهانە، فەسڵ، تەوبیخ ئەتوانن ڕووبەڕووببنەوە؟؟!!

برادەرانی  لیژنەی پەروەدەو خوێندنی باڵا خودی خۆتان باش ئەزانن کە هەموو شت هەبێ ڕاشکاوی نییە ... ئەی ئەو هەموو فەوازیە لە چییەوە هاتووە ئەگەر ڕاشکاوی هەبێ، فەوزا کەی بەرهەمی کۆمەڵگەی راشکاوە؟؟ لە کۆمەلگای ڕاشکاوو شەفافدا کوا فەوزا بەرهەمدێت؟؟.. وە باسی هەموو شتیک ئەکەن باس لەوە مەکەن کە خوێندکاران ئازادن، خوێندکارانیش بەهەموو شێوەیەک قوربانی دەستی مامۆستا نەزانەکانن، هەر لەڕووی زانستیەوە هەتا لە ڕووی ئەخلاقیاتی ئەکادیمیەوە، خوێندکارانیش قوربانی سستمێکن کە پڕە لە فەوزا و دوور لە شەفافییەتی ئیداری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، خیزانی..هتد...(( مەبەستم ئەو دکتۆرە ئازیزە نییە یان هەندێ لە مامۆستا بەڕیزەکان کە نمونەی بەرزی ئەخلاقیاتی زانکۆیین)). ئەڵبەت مەبەستم هەموو تەلەبەیەکیش نییە، بەڵام ڕیژەیەکی زۆر لە قوتابیانی کوردستان قوربانی دەستی سیستمیکی کۆنی نەگۆڕی پەروەردەیین.

دوای راپەڕین کوا ڕاشکاووی بەرهەمهاتووە؟؟؟ یەکێ لە هەرە سیفاتەکانی ئیدارەو دامودەزگاکانی پاش ڕاپەڕین بریتیە لە نەبوونی شەفافی، دنیایەک لە تەم و تەڵخی تەواوی پرۆژە سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی دنیای ئێمەی داگیر کردووە. قەیران لە دوای قەیران..گرفت لە دوای گرفت...فەوزا لە هەموو دەزگاکانا ..گەندەڵی لە هەموو جێگایەک بریتییە لە نەبوونی ڕاشکاووی....

رووناک خان هەموو کەس ئەو قسەیەی بنوسیایە نەئەبووا تۆ بتنووسیایە، چۆنکە جەنابت لێپرسراوی بەشی پەروەدەییت لە ئەنجومەنی پاریزگا،  ئەبێ باش ئاگات لە ڕەوتی پەروەدەیی پارێزگاکەت بێ کە لە چ حاڵێکدایە......

2- رووناک خان ئەڵێ ((. ئێمە لە هەرێمی کوردستان ژمارەی مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە چەند کەسێک تێناپەرن ، ڕێزیان زۆر پێویستە و نابێت رێگا بدەین کەس بە شێوازێکی نەشیاو بە پیرۆزی ئەوان، ناویان بەرێت.بەرگری کردن لەمامۆستایانی خوێندنی باڵا بەرگری کردنە لە ئاستی روناک بیری کۆمەڵەکەمان)).

ئاخر ڕووناک خان... خوێندکاران لە کوێ ئەتوانن مامۆستا بێرێز بکەن ئەگەر لەسەرەوە ئەو ئاسانکارییەیان بۆ نەکەن، ئەگەر لەسەرەوە مامۆستا و ئەرکی مامۆستا بە سووک و کەم سەیر نەکرێ... ئەگەر مامۆستا و بەتایبەتی مامۆستایانی بەڕیزی زانکۆو پەیمانگاکان ئیهمال نەکراین وە بەکەم سەیر نەکراین...ئەندام پەرلەمانەکەت بە حونجە سوێندی پەرلەمان ئەخوێنیتەوە و داهاتی مانگێکی بەقەت داهاتی تەمەنی مامۆستایەکی زانکۆکەیە، ئەندام پەرلەمانەکەت بۆ سەرخەو شکاندن ئەچێتە پەرلەمان و مامۆستاکەش ئاوی قاچی ووشک ئەبێ و دەستی ئەشکێ ئنجا خانووە شڕڕەیەکی پی ڕەوا نابینێ پەرلەمانەکەت. مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگا هی وای تیایە بەقەت باڵای ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا شەهادەی هەیە کەچی لەوانەیە ئیمکانییەتی سەفەرێکی دەرەوەی نەبێ بۆ پێشخستنی ئاستی زانستی خۆی.....

رووناک خان ..ئەگەر ئەوەنە بەڕێزە مامۆستا لاتان حاڵیان باش بکەن، ڕێز بگەڕێننەوە بۆ مامۆستا و پەیامی مامۆستا، سیستمی پەروەدەیی و خوێندنی باڵا بگۆرن و گەشەی پێبەن... خوێندکار هەرگیزاو هەرگیز ناتوانێ مامۆستا بێرێز بکا، من زۆر دژم بەو قسەیە.... ئەوە سیستەمیکە لەسەرەوە کار ئەکا

بۆ بێڕێز کردنی مامۆستا، ئەوە سیستەمیکە کە دێت و  مامۆستا لەڕێی دەمی خۆێندکارێکەوە هەڵهێئەسەنگێنێ، کامەیە ڕێزی مامۆستا کاتێ کە خۆێندکارێک بێت و  بتوانێ مامۆستا لاببا؟؟؟؟ کامەیە ڕێزی مامۆستا کە خۆیندکار هەفتانە ڕاپۆرت بدا بە ڕێکخستنەکانی سەرەوە لەسەر باشی و خراپی مامۆستا؟؟؟!!!...

بەڕێز رووناک خان...ڕێز گرتن بەوە ئەبێ کە ڕاشکاوانە حەقیقەت بلێین، نەک حەقیقەت بشارینەوە...

3- لێژەنەکە ئەڵێ ((هەر مامۆستایەک ڕێز لە کچان بگرن لە خوێندنی باڵا ، ئێمە سوپاسیان دەکەین و مایەی شانازیمانە بۆ گەشە پێدانی زیاتری ژنان لەهەرێمی کوردستان و رزگار کردنی کۆمەڵگا لە باوک سالاری )).

پەرەگرافێکی تر کە زۆر بێمانایە، بەراستی من گومانم هەیە کە ئەوە کەسێکی خۆیندەوار نووسیبێتی، کەسێک کە تۆزیک لە هەرێمی کوردستان ژیا بێ شتی وا نانوسێ. جارێ ڕێز گرتن لە کچان چۆنە، بۆ ئەوەی ئێمەش بزانین قسەی جەنابتان وایە یان نا؟؟ بۆ ئەوەی ئێمەش لەمەولا ڕێز بگرین لە کچان؟؟ مەبەستان چییە لەوەی هەر مامۆستایەک ڕێز بگرێ لە کچان؟؟.....
بەڕێزم..... ڕێز گرتن لە ژنان ئەوەیە کە بە موجەرەد وەک سێکس سەیری ژنان نەکرێ...ڕێز گرتن لە ژنان ئەوەیە کە بەهای مرۆڤانەی خۆیان بۆ بگەڕێنریتەوە، ڕێز گرتن لە ژنان ئەوەیە کەوەک بوونەوەرێکی خاوەن هۆش و عەقل مامەڵەی لەگەڵا بکرێ نەک هەر کە بینیت سەیری بەژن و باڵای و ئەندامانی لەشی بکەی...

ڕێز لەلایەن مامۆستاوە بۆ خۆێندکاری کچ بریتی نییە لە ئیهتیمامی زیاتر بە کچەکە...بەڵکو بریتییە لە جیاوازی نەکردن لە نێوان کوڕان و کچاندا ...گەورەترین ڕێزی مامۆستا بۆ تەلەبەکانی بریتیە لە وەی کە بەیەکسانی و بەیەک چاو سەیری هەردوو ڕەگەزەکە بکات، ئەوە گەورەترین نرخە وە ئەوەش گەورەترین ڕێزە، تەلەبەی کچ پێوێستی بەوە نییە مامۆستا زیاتر خەمی بخوا، جیاوازی چییە لە نیوان ئەو و کوڕدا؟؟

جەنابی لیژنە وا ئەزانن ڕێز گرتن لە کچان بەوەیە کە ئیهتیمامی زیاتر بدەی بە کچان،.. بەو شیوەیە، ئەوە ئەوپەری بێڕێزییە بەرامبەر بە مێینە کەلەلایەن پیاوانی کووردەوە بە ئاشکرا ئەکرێ ، وە نەک هەر لە زانکۆ و پەیمانگاکان بەڵکو هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت پڕە لەو جۆرە پیاوانە، ئەمڕۆ مێینە لەقەیرانێکی وایا ئەژی کە  بە درێژایی هەموو تەمەنی کوردستان قەیرانی وایان بە خۆووە نەدیوە، قەیرانێک کە ئەوەی ئەو خۆێندکارانە نمونەیەکی بچوکییانە، بۆچی کەمن ئەو ژن و کچانەی کە ڕۆژانە داوای پەیوەندی سێکسی و عیلاقە و ژمارەی تەلەفۆن و شتی تریان لێئەکری لەلایەن پیاوانەوە بەتایبەتی لەلایەن خاوەنکارەکانیانەوە  یان بەڕێوەبەرەکانیانەوە؟؟ بۆچی کەمن ئەو کچانەی کە ئیهانە ئەکرێن و ئیهمالی ئیداری ئەکرێن  لەبەر ئەوەی ڕوو نایەن بە بەریوەبەرە ژنانییەکان؟؟؟ بۆچی کەمن ئەو کچانەی کە ئیهمال ئەکرێن لە زانکۆ چونکە خۆیان با نایەن لەبەردەمی ئوستادەکانیان یان لەنجەو لاریان بۆ ناکەن و ناچنە ژوورەکانیان؟؟؟ (( لەگەڵ ڕێزم بۆ مامۆستا بەڕیزە نمونەییەکان))

جەنابی لیژنە ڕێزگرتن شتێکە و ئیستیغلال کردن شتێکی ترە...بینی کچ وەک بوونەوەرێک شتێکەو وەک سێکس و تێرکردنی ئارەزووە سیکسیەکان شتیکی ترە، ئەوەی ئەمڕۆ لە زۆرێک لە دام و دەزگاکانی هەرێمدا هەیە بە هەموو شێوەیەک ئەوەیە کە مێینە دابراون لە ئینسانییەتی خۆیان وە بە پلەی یەکەم وەک سێکسێکی ڕووت مامەلەی لەگەڵ ئەکرێ.....

4- ڕووناک بۆمبا ئەڵێ ((داوامان لەخوێندکاران ئەوەیە ، کە داوای لێبوردن لە بەرێز دوکتۆر هوشیار بکەن و دڵنیاین بەرێزیشی داواکەتان لێ قبوڵ دەکات و چۆن هەمیشە خوێندکارانیان وەکو براو منداڵی خۆیان مامەڵە کردوە ئاواش لێبوردن لە ئێوە قبوڵ دەکات ، چونکە هەمیشە گەورەیی هەر بۆ مامۆستایە ؛

دەبێت بە خشندە مل کەچ کات لە ئاستی موچە خۆری خۆی سوراحی سەر فرۆدێنێ لە بۆ پییاڵە کە تێکا بۆی )).

لێرەشدا پارچە شیعرێکی هەڵە بۆ مەبەستەکەی بەکارئەیەنێ، جارێ لە شیعرەکدا حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێرد داوا لە شێخی نەمر شێخ مەحمود ئەکا کە داوای لێبووردن لەو بکا (واتە لە پیرەمێرد) وە شێخ ئەشوبهینێ بە سوارحی و خۆیشی بە پیاڵە، وە لە شیعرەکەیا داوا لە گەورەکە ئەکا کە داوای لێبووردن بکا لە بچوکەکە نەک بچوکەکە داوای لێبوردن بکا، چونکە ئەوە سوراحییە کە سەر دائەنەوینێ بۆ پیاڵە نەک بە پێچەوانەوە، گەورەکە ئەبێ داوای بەخشین بکا ....

بەڕیزم ڕووناک خان ، شیعرەکەی پیرەمێردیش بە هەڵە بەکارمەیەنە...

(( تکایە بۆ ئەوەی بە غەلەت لە من تێنەگەن منیش ئەو خۆیندکارانە هانئەدەم کە داوای لیبوردن لەو دکتۆرە بەڕێزە بکەن لەکاتیکدا کە قسەی خۆێندکارەکان ڕاست نەبێ)).....

2006/06/27